# قەرزکردن

[ کردي – کوردی – kurdish ]

موحەمەد بن ئیبراهیم ئەلتوەیجری

وەرگێرانی: ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ القرض ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# قەرزکردن

گرێبەستەکانی مامەڵەکردن دەبنە سێ بەشەوە:

یەکەم: گرێبەستی قەرەبووکردنەوە وەکو فرۆشتن و کرێدان وشتی لەو شێوە.

دووەم: گرێبەستی بەخشین، وەکو ڕاسپاردە و وەقف و قەرز وصەدەقە و شتی لەوشێوە.

سێیەم: گرێبەستی متمانە کردن وەکو بارمتە و دەستەبەرکردن و دەستەبەری و شتی لەو شێوە.

پێدانی ماڵ بۆ کەسێك کە سوودی لێ وەرگرێت و قەرەبووی بکاتەوە، یان سوودی لێ وەرگرێت بێ گێڕانەوە بەمەبەستی پاداشت وەرگرتن لە لای خوای گەورە لە هەردوو حاڵەتەکەدا .

قەرز جۆرێکە لە خوا نزیکبوونە لە شەرعدا فەرمانی پێکراوە، چونکە بریتی یە لە چاکەکردن لەگەڵ خاوەن

پێویستیەکاندا، هەرچەندیش ئەو پێویست یە زۆر بێت وکردەوەکە مەبەست لێی خوا بێت، پاداشتەکەی گەورەتر دەبێت.

١-خوای گەورە دەفەرموێت:{

} البقرة:٢٤٥.

٢-ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللهُ عَنْـهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَومِ القِيَامَةِ، وَمَنْ يَسرَّ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللهُ عَلَيْـهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسلِـماً سَتَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، وَاللهُ فِي عَوْنِ العَبْدِ مَا كَانَ العَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيْـهِ))أخرجه مسلم.

واتە: هەرکێ ناخۆشیەك لە ناخۆشیەکانی دونیا لەسەر ئیمانداریك سووك بکات، خوای گەورە ناخۆشیەك لە ناخۆشیەکانی قیامەت لەسەر سووك دەکات، هەرکەسیش کاری قورسی موسڵمانێك سووك بکاتەوە

خوای گەورە لە دونیا وقیامەتدا کاری بۆ سووك دەكاتەوە، هەركەسێكیش نهێنی موسڵمانێك داپۆشێت خوای گەورە لە دونیاو لە دوارۆژدا دایدەپۆشێت، خوای گەورەش لە یارمەتیدانی بەندەدایە، مادام ئەو بەندەیە لە یارمەتیدانی براكەیدا بێت.

١-( مستحب ) ە كەسێك قەرز بداتە خەڵكی خاوەن پێویستی، • مباح ) یشە كەسێك داوای قەرز بكات، هەرچی شتێكیش بگونجی بۆ فرۆشتن دەگونجی بە قەرزیش بدرێت ئەگەر ناسراو ومەعلوم بێتن قەرزاریش پێویستە قەرەبووی ئەوە بگێردرێتەوە كە قەرزی كردوە، هاوشێوە لەو شتانەی كە دەكرێت هاوشێوەی بگێردرێتەوە ، یان بەهاكەی لە شتی تردا.

٢-هەموو قەرزێك ببێتە مایەی سوود كردن بۆ خاوەنەكەی ئەوە ریبایە، بۆ نموونە قەرزێك بەكەسێك بدات و مەرجی لەگەڵدا بكات كە لە جیاتی ئەوە لە ماڵەكەیدا دانیشێت، یان بۆ نموونە هەزار دیناری پێ بدات بە مەرجێك بە هەزار وپێنج سەد دینار بگێڕێتەوە.

چاکەکردن لە قەرزدا کارێکی ( مستحب ) ئەگەر مەرجیش نەبێت، بۆ نموونە کەسێك شتێك بە قەرز بداتە کەسێك ئەو شتێکی باشتری بۆ بگێڕێتەوە، ئەوە پێی دەوترێت گێڕانەوەی جوان و کارێکی هەڵقوڵاوە لە کارو ڕەوشتی بەرزەوە، هەر کەسیش دوو جار قەرز بدات بە کەسێك وەکو ئەوەیە پێی بەخشیبێت.

( أبو رافع ) ڕەزای خوای لێبێت دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صل... ، وشترێکی کۆرپەی لە کەسێك داواکرد، کاتێك وشتری زەکات گەیشتن، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم داوای لە ( أبو رافع ) کرد وشتری ئەو پیاوە بگێڕێتەوە، ( أبو رافع ) گەڕایەوە فەرمووی تەنها وشتری گەورەی تێدایە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((أعْطِهِ إيَّاهُ، إنَّ خِيَارَ النَّاسِ أحْسَنُهُمْ قَضَاءً)) أخرجه مسلم.

واتە: لەوانەی بدەری، چاکترینی خەڵکی ئەوانەن کە قەرز بە جوانی دەگێڕنەوە.

دروستە قەرزی دواخراو کەم بکرێتەوە لە پێناو ئەوەی بە پەلە بگێڕێتەوە، ئیتر ئایا لەسەر داوای خاوەن قەرز بێت یان قەرزار.

فەزڵی موڵەتدانی قەرزاری دەستکورت یان گەردن ئازادکردنی:

مۆڵەت درێژ کردنەوە بۆ قەرزاری نەدار یەکێکە لە ڕەوشتە جوانەکان، لەوەش چاکترە ئەوەیە هەر گەردنی ئازاد بکرێت.

١-خوای گەورە دەفەرموێت:

البقرة: ٢٨٠ .

٢-( أبي اليسر ) خوای لێ ڕازی بێت فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەر بوو صلی اللّٰە علیە وسلم فەرمووی: ((مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِرًا أَوْ وَضَعَ عَنْـهُ، أَظَلَّـهُ الله فِي ظِلِّـهِ )) أخرجه مسلم.

واتە: هەرکێ مۆڵەتی قەرزارێکی نەدار بدات یان گەردنی ئازاد بکات، خوای گەورە دەیخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە.

قەرزار چوار حاڵەتی هەیە:

١-موفلیس بێت و هیچی نەبێت، ئەو پێویستە مۆڵەت بدرێت.

٢-ماڵەکەی لە قەرزەکەی زۆرتر بێت، ئەوە دروستە داوای لێ بکرێت وناچار بکرێت قەرزەکە بگێڕێتەوە.

٣-ماڵەکەی ئەوەندەی قەرزەکەی بێت، ئەوەش ناچار دەکرێت بیگێڕێتەوە.

٤-ماڵەکەی کەمتر بێت لە قەرزەکەی، ئەم کەسە موفلیسە و پێویستە ( حجر ) ی بخرێتە سەر لەسەر داوای خاوەن قەرزەکان یان هەندێکیان و، ماڵەکەی لە نێوان خاوەن قەرزەکاندا دابەش دەکرێت بە پێی ڕێژەکانیان.

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی ماڵێك قەرز دەکات بڕیار ونیازی دانەوەی لە دڵی خۆیدا دابمەرزێنێت، ئەگینا خوای گەورە یارمەتیدەری نابێت بۆ گێڕانەوەی و تاوانباریش دەبێت، پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم

فەرموویەتی: ((مَنْ أخَذَ أمْوَالَ النَّاسِ يُرِيدُ أدَاءَهَا أدَّى اللهُ عَنْـهُ، وَمَنْ أخَذَ يُرِيدُ إتْلافَهَا أتْلَفَهُ اللهُ)) أخرجه البخاری.

واتە: هەرکەسێك ماڵی خەڵکی ببات وبیەوێت بیگێڕێتەوە خوای گەورە خۆی بۆی دەداتەوە، هەرکەسێکیش بیبات و مەبەستی لە ناوبردنی بێت خوای گەورە لەناوی دەبات.